# مۆدەی جلی کوردی کۆن و تازە

مۆدەکانی کراســەکان بە چەندین شــێوەی جیاواز دەردەکەوێ، ئەمەش لە گشت مۆدە کۆن و تازەکان، بە تایبــەت لەگەڵ مۆدەی تازەدا چەندین مۆدەی تایبەت دەردەکەوێ و لەگەڵ هەر مۆدەیەکی تازە، ســتایل و شێوەی دیکە و تازەدا دەردەکەوێ، کاتێك باســی مۆدەکان دەکەین، باس لە مۆدەی کراســی کوردی و ستایلی جلی کوردی دەکەین.

ئەو دوو وێنەیــەی دەیبینن بریتییە لە دوو مۆدەی جیاواز، یەکێکیان مۆدەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٣٤)، کە ئەو کات وەك مۆدەیەکــی جوان و ســەیر دادەنرا، کەچی لــە هەمان کاتدا مۆدەی تازەترین ســتایلەکانی جلــی کوردیمان بۆ هەڵبــژاردوون کــە جیاوازیان هەیــە، بــەڵام لێکــچوونێکــی گــەورەش لە نێواندا بەدی دەکرێ.








# ئێکسسواری دەسکە گوڵ

خانمانی بووك دەبێ بە گشــت جۆرە ئێکسســوارەکان لــە ڕۆژی ئاهەنگدا بە جوانی و ناســکی دەربکەون، ئەمەش بە تایبــەت لە کاتی ئامادەکــردن و دانانی کەرەستە و جلوبەرگەکان، یان هەڵبژاردنی ئێکسســوارەکان کە دەبێ لەگەڵ گشت جۆر و لایەنەکانی جوانی خانمانی بووك دەردەکەوێ، ئەوەی لێرە باســی دەکەین بریتییە لە دەستکەگوڵی دەستی خانمانی

# ڕەنگەکان دیکۆرەکــ

ڕەنگــەکان لــە دیکۆری ماڵــدا بەپێی جوانی شوێنەکان دەوەســتێ، بۆیە دەکرێ هەر ڕەنگێك جۆرە ناسکی و سەرنجڕاکێشی پێــوە دیار بێ، لە ڕێگەی ئەو لایەنەشــدا کارەکان بە ڕەنگەکان دەبەســترێ، بۆیە هەر ڕەنگێك سەرنجڕاکێشی و جوانییەکی تایبەت دەبەخشێ، دیکۆرەکان دەکرێ لە هەر ڕەنگێك بێ، بەڵام بوونی یەکسانی لە ڕەنگەکان لە



# دوو مۆدە لە کراسە جوانەکان



مۆدەکانی جلوبەرگ شایستەی جوانی و رازاوەیی دەبن، ئەمەش لە کاتێکدا کە لە نزیکەوە مۆدەکان بە تایبەتمەندی و رازاوەیی دەردەکەون، بۆ ئەوەی شێوازێکی سەرنجڕاکێش و کراوە ببەخشن، لێرەدا هەر یەکە لە مۆدەکان رێگەیەکی کراوە و جوان دەبینێ لە جوانی جلەکان، بە تایبەت ئەگەر لەگەڵ ستایل و تایبەتمەندی جەستەی خانمان بگونجێ، یەکێك لەو جۆرە جلانە بریتییە لە کراسی درێژ بۆ خانمان.

ئەو شێوازە لە کراسانە جێگەی جوانی و ناسکی دەبەخشێ، بە تایبەت ئەگەر قوماشەکەی لە شێوەیەکی ناسك و جوان بێ، رەنگەکان بەپێ وەرزی هاوین، گرنگیان دەبێ، چونکە هەندێك لە رەنگەکان بۆ شوێنی دیاریکراو دادەنرێن و شێوەیەکی بەرچاو دەبەخشن، ئەم مۆدە جلانە شێوازێکی سەرنجڕاکێش، هەروەها لەسەر جەستەی خانمان بە جوانییەوە دەوەستێ.





## بۆ دەستی خانمانی بووک

بووك.

وەك ئێکسسوارێکی تایبەت و جوان، زیاتر شێوەی بووك رازاوەتر و جوانتر دەکات، ئەمەش لە رێگەی دانان و هەڵبژاردنی دەستە یان دەسکە گوڵێکی رەنگاوڕەنگ و جوان بۆ ئەوەی لە دەستی خانمانی بووك بێ، هەوڵبدەن گوڵ لە دەستتان بێ، چونکە زیاتر کاری جوانکاری بۆ شێوە و رووخساری بووك دەردەکەوێنێت.

## ...ان جوانتر دەکەن

جوانی و ناسکی دەبێ، لە رێگەی رەنگەکان دیکۆرەکان زیاتر رازاوەتر دەبن.

بۆ نموونە لە دیکۆری ژوورەکانی دانیشتن یان نووستن دەکرێ سوود لە رەنگی سپی و زەردی کاڵ و شین وەربگیرێ، بەڵام بۆ ژووری گەرماو و چێشت، دەبێ رەنگی سپی زیاتر دابنرێ، ئەمەش وەك مۆدەیەکی تایبەت لە جوانی و ناسکی رەنگەکانە.



بەرپرسی فایلی ڕەنگاوڕەنگ: مەهدی حاجی ساڵح
بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504679560 Email: reng@gulan-media.com



# پیاوێک (٤) ئوتۆمبێلی بارهەڵگر رادەکێشێ

ئەوانەی خاوەن بەهرەیەکی بەهێز و تایبەتن دەتوانن کاری وابکەن کە ببێتە جێگەی سەرسوڕمانی ئێمە، ئەمەش کاتێك لەگەڵ شێوە سەیرەکان دەردەکەوێ و لە کاتی نمایشەکان کاری وادەکەن، دەبێتە سەیرترین نمایشەکان، بۆیە دەبێ گرنگی بە بەهرە و بەهێزی ئەو کەسانە بدرێ و لە لایەنێکی تایبەتدا دەریان بخەن.

ئەو پیاوە ناوی شەمشون عەرەبە و خەڵکی وڵاتی ئیماراتە، بەهۆی بەهێزی جەستە و دەستەکانی دەتوانێ چەندین کاری وابکات کە جێگەی سەیری و سەرسوڕمانی گشت لایەك بێ، تەنانەت لە نمایشێکی تایبەتدا توانی (٤) ئوتۆمبێلی بارهەڵگر راکێشێت و ئەمەش لەبەرچاوی زوومی کامێراکان.

## تاتۆ لە کوردستانیش پەیدا بوو

ئەگەرچی جیهانی تاتۆ لە سەرتاپای جیهان وەك مۆدەیەکی جوان و سەیر دادەنرێ، رێژەیەکی زۆر لە گەنجانی جیهان بە کوڕان و کچان، جەستەیان تاتۆ دەکەن، کەچی وادیارە ئەو دیاردەیە لە کوردستانیش سەریهەڵداوە و دەبێتە یەکێك لە مۆدەکان لە بواری کوتانی جەستە. ئەوەی دەیبینن بریتییە لە وێنەی گورگێك لەسەر دەستی کوڕە کوردێك.

ئەو کوڕە گەنجە ناوی (بەکر عەزیز)ە و لە سەید سادق ژیان بەسەر دەبات لە شاری سلێمانی، ئەمەش خولیای لە تاتۆکردنە و بۆیە وێنەی گورگێکی لەسەر دەستی کوتاوە، رەنگە لە داهاتوودا ببێتە مۆدەیەك بۆ کوڕان و کچانی کورد.






## سەیرترین پێشبڕک

چەندین جۆرە پێشبڕکێ ئەنجام دەدرێ، هەر یەکە تایبەتە بە چینێکی کۆمەڵگە، ئەمەو لە دواترین و سەیرترین پێشبڕکێکانی جیهان، ئەو پێشبڕکێیە بوو کە لە وڵاتی بەریتانیا ئەنجام درا، ئەم پێشبڕکێیەش تایبەت بوو بە جمکەکان، نەوەك منداڵە جمکەکان، مەبەست لە جمکە گەنجەکان، کوڕ و کچ، ئەمەو ژمارەیەکی زۆر لە جمکانی ئەو وڵاتە و وڵاتانی دیکە بەشداریان کرد، تیایدا دوو



# کۆمپیوتەر لەناو پاس

تا ئێستاش لەلای ئێمە خەڵكانێك هەن نازانن كۆمپیوتەر دابگیرسێنن، كەچی لە وڵاتانی جیهان وەك كەرەستەیەك لە هەموو شـــوێنێك كاری پێدەكەن، ئەوەی ســـەیر بـــێ بۆتە ئامێرێك دەبێ لە گشـــت ماڵ و شـــوێنێكدا هەبێ، بـــەم دواییە لە وڵاتی ژاپۆن سەیرترین بەكارهێنانی كۆمپیوتەریان دامەزراند، ئەمـــەش تەنیا بۆ خزمەتكردنی خەڵك.

ئەوەی دەیبینن وێنەی ناو پاسەكانی ئەو وڵاتەیە، كە بۆ هەر كەسێك كۆمپیوتەریان دانـــاوە تاوەكو لە كاتی ســـواربوونی بەو پاسانە خۆی بە كۆمپیوتەر خەریك بكات، ئەگـــەر هەر كارێكی هەبـــێ، تا دەگاتە جێگەی مەبەستی خۆی كە لێ دابەزێ.

## بووک و زاوای سەگ

لە شاری تایبیە لە وڵاتی فەڕەنسا، سەیرترین نمایشی تایبەت بە گیانداران ئەنجام درا، ئەمەو هـــەر یەكە لە گیاندارەكان بـــە جلێكی تایبەت نمایشیان بۆ كرا، ئەوەی دەیبینن بریتییە لە دوو ســـەگی نێر و مێ، كە بە جلی بـــووك و زاوا رازاونەتەوە، بۆ ئـــەوەی وەك بووك و زاوای تازە نمایش بكرێن، نمایشەكە نزیكەی (٣٥٠) هەزار گیانداری لە خۆ گرتبوو.





## ـــێ بۆ جمكەكان

خانم و خوشـــك كە شـــێوەیان زۆر لە یەكتر دەچوو، خەڵاتی پێشبڕكێكەیان پێبەخشرا.

شـــێوەی ئەم دوو كچە كە ناویان (جینا و لینا)یە وەكو یەكە، هەردوو جمكە خوشـــك، تەنانـــەت لە جلوبەرگ و شـــێوەیان زۆر بە ئاســـتەم لە یەكتر جیـــا دەكرێنەوە، ئەمەش دەبێتە یەكێك لە سەیرترین دوو جمك، ئەوەی ســـەیر بێ، كە چـــۆن ئـــەو دوو كچە جیا دەكرێنەوە كاتێك شوو دەكەن.



# ساڵیادی (١٣٠) ساڵ

ڕۆژی لە دایك بوون بە چەندین شێوازی تایبەت یادی دەکرێتەوە، تەنانەت دەبێتە یەکێك لە ڕۆژە خۆشەکانی تەمەنی مرۆڤ کە لەو ساڵەدا ئاهەنگێکی خنجیلانە بۆی ئەنجام دەدرێ، بەڵام ئەگەر سەیری تەمەنی ئەو ئافرەتە بکەن، بە سەیرترین حاڵەت دەکەوێتە بەرچاوتان، تەنانەت دەبێتە یەکێك لە بە تەمەنترین ساڵیادی لە دایك بوون.

ئەنتیسا خیفتشافا لە وڵاتی جۆرجیا دەژی، لە دوا ساتەکانی تەمەنی ساڵیادی (١٣٠) ساڵەی بۆ کرایەوە، ئەوەی سەیر دەبوایە ١٣٠ مۆم دابنێن لەسەر کێکەکە وەك هێمایەك بۆ ساڵەکان، کەچی جێگەی ئەوەندە مۆمە نەبوویەوە و بۆیە کێکەکە بەبێ مۆمە!

# دەبین بە فڕۆکەوان




لە داهاتوودا شێوازەکانی هاتووچۆ کردن بەرەو ئاسانی دەچێ و خەڵك لەو قەرەباڵغی و تەنگییەی سەر شەقام ڕزگاریان دەبێ، ئەمەش بە دروستکردنی جۆرە ئوتۆمبێلێك، کە توانای فڕینی دەبێ لەو شوێنانەی کە قەرەباڵغ دەبێ و یان ڕێگە نابێ، ئەمەش بیرۆکەیەکی تازەیە و دەکرێ لە داهاتوودا هەر یەك لە ئێمە ببێتە فڕۆکەوانێك بۆ خۆی.

# بزانە ڕووخسارت بە چ گیاندارێک دەچێ !



ئەوەی دەبیینن یەکێکە لە وێنەگرە سەیرەکان، کاتێك کەسێك دەچێتە بەردەمی بۆ ئەوەی وێنەی بکێشێ، کەچی ئەو وێنەگرە وێنەی گیاندارێکی لەسەر دەکێشێ بەپێ ڕووخساری ئەو کەسەی کە وێنەی خۆی دەوێ، گشت خەڵك دەزانێ کە وێنەی ئەو وێنەکێشە لەم جۆرەیە، کەچی زۆربەی خەڵکی وڵاتی کەنەدا سەردانی دەکەن و وێنەیان دەکێشێ لەسەر شێوەی ئەو گیاندارەی کە بە ڕووخساری کەسەکە دەچێ.

## نوکتە

- ڕۆژێک ڕووداوێکی گەورە ڕوودەدا، یەکێك تەلەفۆن دەکات بۆ پۆلیسی هاتووچۆ و دەڵێ: سێ ئوتۆمبێل دەعمیان کردووە، ئەویش دەڵێ ئوتۆمبێلەکان چین؟ کابراکەش دەڵێ: کەریم کابانێک و مەرزییەیەک و وەنەوشەیەک، ئەویش دەڵێ جا توخوا ئەوە دەعمە یان کۆنسێرتی گۆرانییە..



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

هەست بە بێزاری دەکەی کاتێك هەندێ شت دەبینی بە پێچەوانەی خواست و ئارەزووەکانی تۆن، لەگەڵ کەسێکی نزیکت گفتۆگۆ بکە دەربارەی هەنگاوەکانی داهاتوو، ئەو دەتوانێت یارەتیت بدات.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

سەرەتایەکی نوێ لەپەیوەندی نێوان خۆت و بەرامبەرەکەت دەست پێدەکات. هەوڵ بدەن ئەمجارە هەڵەکانی ڕابردوو دووبارە نەکەنەوە و کارێك مەکەن ببێتە هۆی دووبارە درووستبوونەوەی گرفت لەنێوانتان.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

پێشنیارێکت پێشکەش دەکرێت بۆ گرتنە ئەستۆی کارێکی گرنگ و پڕ دەستکەوت، ئەگەر هەستت کرد دەتوانیت بەسەرکەوتوویی جێبەجێی بکەی، بەشداری بکە و ئەو کاتە دڵنیابە زۆر سوودی دەبێت و دەبێتە هۆی باشتربوونی باری دارییت.




**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

لەگەڵ کەسی بەرامبەر یەکتر دەبینن و لەبارەی داهاتووی پێوەندی نێوانتان قسە دەکەن بە جۆرێك ببێتە هۆی بەختەوەری بۆ هەردووکتان، ئەو کەسەی ماوەیەك بوو لەبەر هۆکاری جیاواز گلەیی لێت دەکرد پەشیمان دەبێتەوە و داوای لێبووردنت لێدەکات.



**شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢**

ئەم ماوەیە هەندێك گۆڕانکاری گرنگ لەژیانت ڕوودەدەن و دەبنە هۆی درووستبوونی گۆڕانکاری گەورە لەزۆربەی بوارەکاندا، ئەمەش پێویستی بە کات هەیە تاکو بگونجێی لەگەڵ ئەو قۆناغە نوێیە، کەسێك داوای لێبووردنت لێدەکات.




**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

دوای ئەوەی لەگەڵ کەسێکی نزیك و خۆشەویستت چەند کێشەیەکی بچووك ڕوویاندا و بووە هۆی ساردبوونەوەی پێوەندی نێوانتان، ڕاستیەکان ڕوون دەبنەوە و پێوەندی نێوانتان لەجاران بەهێزتر دەبێت و هیچ کێشە لەنێوانتان نامێنێت.

ئامادەکردنی:داریۆ





## ئاسۆیی:

١-شاعێرێکی کوردبوو - چیایەکی کوردستانە(پ).
٢-هێز و توانا(پ) - دوو پیتی باقی - هێز.
٣- دراوێکە - نیوەی کاوە - چوار پیتی جیاواز.
٤- شاعێرێکی کوردبوو(پ) – تەزیو - رارات(ت).
٥- ژمارەیەکە - جۆرە یارییەکە(پ) نیوەی تەون.
٦- بەشێکە لە لەش - شەش پیتی جیاواز - دوو پیتی ماف.
٧- پرس - تەنیشت (پ).
٨- دوو پیتی کامل - نیوەی راژە – رەگەزێکە - ژمارە یەکە.
٩- تۆبەE - ئاشی ئاو - نیوەی مامز.
١٠- جۆرە پێوەرێکە - چیایەکی ئەورووپیە - سێ پیتی بولونیا.
١١- کچە گۆرانیبێژێکی کوردە(پ) - دوو پیتی بریار - جۆرە گوڵێکە.
١٢- شاعێرێکی کوردبوو - چیایەکی کوردستانە.

## ستوونی:

١- مێژوونووسێکی کوردە.
٢- چیرۆکێکی کوردی یە(پ) - پایتەختی وڵاتێکی ئەورووپیە.
٣- دەنگی ئاو - جۆرە سەوزەیەکە.
٤- لەتکەنۆك(پ) - کەنیشت.
٥- شەڕو ئاشۆب(پ).
٦- جۆرە یارییەکی وەرزشییە - بەشێکە لە لەش.
٧- شارۆچکەیەکی - گوندێکی کوردستانە(پ).
٨- پایتەختی وڵاتێکی ئەفریقییە(پ).
٩- مانگێکی کوردیە - نیوەی هۆما.
١٠- ناوێکی کوڕانی ئاشوریە - هۆش،
١١- چیرۆکێکی ئەسپی کوردی یە(پ) - گیان لەبەرێکە.
١٢- مێژوونووسێکی کوردە.

ئا: فەرهاد محەمەد ئاژگەیی

## بۆ زاخاوی مێشک

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

○○○○○○○

هەوڵبدە ناوی نهێنی لەم ئاسانکاریانە بدۆزیتەوە ئەمەش لە رێگەی دانانی

هەر پیتێك لەناو بازنەیەك بۆ ئەوەی ناوی تەواو دەربچێت..



**ئاسانکاری**


- بازنەکانی (١+٢+٥) بە مانای شوێنی دار و شتی لێوە دەچێنرێت.
- بازنەکانی (٣+٢+١) گیاندارێکی بە خووریە.
- بازنەکانی (٣+٦+٧) پیاو بە ئینگلیزی.
- بازنەکانی (١+٦+٧) بەشێکە لە جەستەی مرۆڤ، درێژترین ئیسقانی تێدایە.

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (ئیسپانیا) بوو




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

ئەو پلانەی بیرت لێدەکردەوە و بەنیازی پەیڕەوی بکەی لەگەڵ ئەم قۆناغەی ئێستا ناگونجێت، بۆیە بیر لە دۆزینەوەی رێگە چارەیەکی تر بکەوە لەکاتێکی زۆر نزیکدا بۆ ئەوەی ئەو دەرفەتەت لەدەست نەچێت.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

خەونەکەت دێتەدی بە بینینی کەسێك کە تامەزرۆی بینینی دەکەی و ماوەیەکی زۆرە چاوەڕوانی ئەو رۆژە دەکەی کە یەکتر ببینن و ئەوەی لەدڵتان دایە بۆ یەکتری باس بکەن، پێوەندیەکی تەلەفۆنیت پێدەگات و مژدەیەکی خۆشی لەدواوە دێت.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

زۆر کەس هەوڵیان دا ببنە بەربەست لەبەردەم هەوڵەکانت و ببنە هۆی شکستهێنانت، بەڵام وەك زۆربەی جار لێهاتوویی خۆت فریات کەوت. پێویستە جیاوازی بکەی لەنێوان ئەوانەی خۆشیان دەوێی و ئەوانەی رقیان لێت دەبێتەوە نەك بەیەك شێوە مامەڵەیان لەگەڵ بکەی.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

بەشێوەیەکی گشتی هەفتەیەکی ئاسایی دەبێت و جیاوازییەکی زۆری نییە لەگەڵ هەفتەکانی رابردوو، تەنها ئەوە نەبێت کە کەسێك داوای یارمەتیت لێدەکات و تۆش نازانی تاچەند جێگەی متمانەیە.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

بەرامبەرەکەت وا خۆی پیشان دەدات کە رقی لێت دەبێتەوە، بەپێچەوانەوە ئەوە تەنیا هەستێکی دیارە و لەناخەوە هیچی بەرامبەرت نییە، تۆش کارێك مەکە ببێتە هۆی ئەوەی ئازاری زیاتر بێت و خەمناك بێت، خۆشەویستی خۆتی پێشکەش بکە.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

بۆت دەردەکەوێت هەڵەبووی کاتێك بڕوات بە کەسێك کرد کە خۆی بە نزیکترین کەست دادەنا هەرچەندە لە رەفتارەکانی دیاربوو جێگەی متمانە نییە، لەداهاتوودا سوود لەم هەڵەیە وەربگرە و بڕوا بە قسەی هەموو کەس مەکە و متمانە بە هەموو کەس مەکە.

hemntoni@yahoo.com